کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:13 5-1-2007

# گرانی ژیانی هاووڵاتیانی لووش داوە ... ڕاپۆرت:ستیڤان شەمزینانی

**فرۆشیارێک: ئێمەش وەک کاسبکارو خاوەن دوکان حەزدەکەین هەرزانی بێت چونکە بازاڕی باشترمان دەبێت.**
**هاووڵاتییەک: هۆکاری ئەم گرانییە دەگەڕێتەوە بۆ خەمساردیی و بی دەربەستی حکومەت لەبارەی بازاڕەکانەوە،**




ئەوەی ئێستا لە بازاڕەکانی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی ئامادەیی هەیە ئەو گرانییە لەڕادەبەدەرەیە کە بۆتە هۆی قورسکردنی باری بەشانی هەرە زۆری هاولاتیان، لەنێوانیاندا توێژی فەرمانبەران و خەڵکانی چینەکانی خوارەوە ئەم فشارە کاریگەریی زیاتری هەیە لەسەریان، ئەگەر چاوێك بەنرخی کاڵاو کەلوپەلەکاندا بگێڕین دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئیستیغلال و ناعەدالەتییەکی زۆری تێدایە ئەمەش دەرەنجامی ئەوەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرپرسە باڵاکانی شار هیچ چاودێرییەکی ڕەوشی بازاڕو نرخ ناکەن، هەرچەندە ئێمە نامانەوی بازاڕێکی ناوەندی دروست بیو حکومەت دەستێوەردان لە بازاڕدا بکات بەڵام ناشبی ئەوەندە فەرامۆش بکری کە ببێتە هۆی دیاردەی گرانجانیو بەرزکردنەوەی نرخ بیهیچ بنەمایەکی دروست بەڵکو پێویستە حکومەت یاسا هاوسەنگی ڕابگرێت و کۆمەڵی دیسپلینی یاسایی لەو بوارەدا پەیڕەوبکات.
ئەگەر لە هۆکارەکانی ئەو گرانییە بیمانایە بڕوانین کۆمەڵێك فاکتۆرە، بەڵام دیارترینییان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی و سەرمایەگوزاریی لۆکاڵی، مرۆڤ سەری سوڕدەمێنی ئەمسەر بۆ ئەوسەری ئەو بازاڕە گەورەیەی شارەکانی کوردستان بگەڕی تاکە شتێك بەرچاو ناکەوی کە بەرهەمی نێوخۆیی بێت تەنانەت لە سەوزەو تەڕەوە بیگرە تادەگات بە نەعل و مەسینەو دەفتەری تیانووسین.
دەربارەی ئەم پرسە گەورەیە کە بۆتە جێگەو باسی سەرجەم خەڵك بە پێویستمان زانی بۆچوونی هاولاتیان و فرۆشیاران و کاسبەکانی ناوبازاڕ وەربگرین تا بزانین هۆکارەکان و ئەنجامەکان و چارەسەرییەکانی چین و چۆنن؟

(خالید عەلی) سەوزەفرۆش لەبەر بەلەدیەکەی سلێمانی وتی: ئەزانی بۆشت گران بۆتەوە؟ لەبەرئەوەی موچە زۆربووەو هەموو شتێکیش لە دەرەوەی وڵات دێت بۆ کوردستان! ئیتر ڕۆژێك نرخەکان بەرزەو ڕۆژێکیش نزم بەڵام بە گشتی هەموو بازاڕەکە بەیەکەوە پەیوەستەو گرێدراوە.

زۆرێك لە فرۆشیاران باسی ئەوە دەکەن بەشێوەیەکی سەرەکی دەخلی فەرمانبەر و سەرجەم خەڵك بە بەراورد لەگەڵ جاران ئەمەش دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ، هەندێکی تر ئاماژەیان بەوەدا هەموو بازاڕ پێکەوە گرێدراون کە شتێك نرخی بەرز دەبێتەوە پەیوەستە بە شتومەکەکانی تریشەوە، بۆیە هەموو کاڵاکان شتێکی دابڕاونین لەیەکتر.

ئەوەتا (ڕەشاد حسێن) دەڵی: بە بۆچوونی من بەرزبونەوەی نرخ لە بازاڕەکاندا پەیوەستە بەچەند هۆکارێکەوە، بەڵام گرنگترینیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەڵکی هەلپەرست و قازانجخواز کە تەنیا بیر لەپڕکردنی گیرفانی خۆیان دەکەنەوە ئەو هەلە دەقۆزنەوە کە بەشێکی زۆر لە جەماوەری گەلەکەمان ئێستا مستەوای دەرامەت و ژیانیان بەرەو بوژانەوە دەچی، ئەوانە نایەڵن فەرمانبەرو مامۆستاو کارمەندانی دامودەزگا کارگێڕییەکان هیچ سوودێك لەو زیادبوونەی موچە وەربگرن چونکە بەگرانی نرخ تۆڵەیان لێدەکەنەوە.

نابی ئەوەش بەکەم بگیری هێنانی کاڵاکان لە دەرەوەی وڵاتەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرزبونەوەی نرخدا، زۆرکەس باسی ئەوەیان کرد تەواوی خەڵك کراون بە موچەخۆرو فەرمانبەر ئەمەش کاری کردۆتە سەر لاوازبوونی و لەناوبردنی بەرهەمهێنانی لۆکاڵی کە بەپێی زاراوە کۆنەکە پێی دەڵێن بەرهەمهێنانی نیشتمانی. کاك (جەعفەر) کە فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندن دەربارەی گرانی ووتی:



ئێستا هەموو پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان لە دەرەوەی وڵاتەوە لە ئێران و تورکیاو ئەردەنەوە بۆ دێت، بڕۆ لەبازاڕ لە میوەو سەوزەوە بیگرە تا دەگات بەپۆشاك و مەعجونی ڕیش تاشین هەمووی هی ئەو وڵاتانەیە کە ناوم هێنان، بەڕێزم حکومەتی هەرێم جوتیارە کردویەتی بە پۆلیس فەوجی عەسکەری بۆ لاوان دەکەنەوە و بیئەوەی دەوام بکەن مانگی سی سەد (300) هەزار دینار وەردەگرن ئیتر تۆ پێم ناڵێی چۆن گرانی دەست ناخاتە گەردنمانەوە؟.

لەلایەکی تر کاسبەکانی ناوبازاڕ خۆیان بێزارن لەدەست ئەو گرانییە بیوێنەیەی ئەمڕۆ شاری سلێمانی گرتوۆتەوەو هەندێکییان وتیان کە ئەمە بۆ هەموو کەس خراپە، خۆ ئێمەش هەر خەڵکی ئەم وڵاتەین ئەگەر شتێك بسێنین ئەوا بەگران دەیسێنین بۆیە لەکۆی قسەو دەربڕینی هەموو ئەوانەی لە میانەی گەشتەکەمدا دواندمن بۆم دەرکەوت ئەوەی گرانی دروست کردووە شەریحەیەکی بچوکن ئەگەرنا لەدڵەوە و لەبنەڕەتەوە زۆربەی هاوڵاتیان بەو گرانییەوە خۆشحاڵ نین بەڵکو نیگەرانیش.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:13 5-1-2007

(شلێرخان) کە سەرگەرمی کڕینی پێڵاو بوو لەبەردەم دوکانێکدا وتی: ئەم گرانییە زۆر ناحەڕەتی کردووین، بەم شێوەیە دەربەین، بەڕاستی ئێستا ئەوە لە ئارادایە کە موچە کەمبکرێتەوە ئەمەش وا دەکات ژیانمان قورس وناخۆشتر بی و دیسان وەك جاران تووشی هەژاریی ونەداریی ببینەوە.

(ئاکۆ جەمال) خاوەنی کۆگای جل فرشی لە بازاڕی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی وتی: بەحەقیقەت ئێمەش وەك کاسبکارو خاوەن دوکان حەزدەکەین هەرزانی بێت چونکە بازاڕی باشترمان دەبێت و خەڵك زیاتر شت دەکرێت بەڵام کە گران بوو وا نییە بۆیە ئەمە بۆ ئێمەش خراپە، بێجگە لەمەش خۆشمان کە خەڵکی ئەم وولاتەین هەر لەم بازاڕەدا شت بۆماڵ و منالەکانمان دەکڕین بۆ ئەمەشیان هەر پێمان ناخۆشە بەگران بیکڕین چونکە وامان لێدەکات کەمتر بتوانیت تەنانەت هەندی پێویستی گرنگیش بیکڕین چونکە توانای مادیمان کەمە.

وێڕای ئەوەی زۆربەی دوکاندارەکان و کاسبکارانی بازاڕ ڕوون کردەوەو پێیان وابوو زیانی لێداون لەوەی کەمتر کاڵاکانیان دەفرۆشێت، کەچی هەندی کەسی تر بەتایبەتی ئەوانەی دوورترو لە ڕەهەندێکی قوڵترەوە بۆ مەسەلەکان دەڕوانن بەدووریان نەزانی دەستی دەوڵەتانی دراوسی لەم مەسەلەیەدا هەبی.

(ڕەعەت هەورامی) ئەندازیاری لەو بارەوە وتی: لەو بڕوایەدام ئەم گرانییە دەستی وڵاتانی ناحەزو دراوسێی تێدابی، جاران تا بۆیان دەکرا ئاژاوە و پشێوییان دروست دەکرد بەڵام ئێستا کە ئەمەیان بۆ ناکری دەیانەوی ژێرخانی ئابوریی کوردستان وێران بکەن تا لەو ڕێگەیەوە مەرامە گڵاوەکان و پلانەکانی پشتی پەردە لەدژی گەلی کورد بە ئەنجام بگەیەنن بۆ شکست پێهێنانی ئەم ئەزموونەمان.

بەڵام لەبەرامبەر زۆر کەسیتر پێیان وایە هۆکاری ئەو گرانییە و گەڕانەوەی بۆ دەستێوەردانی بیانیو وڵاتانی هەرێمایەتی پاساو هێنانەوەیە بۆ ئەو خەمساردییو کەمتەرخەمییەی دەزگاکانی میریی هەیانە لەبەرامبەر ڕێکخستنەوەی بازاڕە شێواوەکان.

هەر بۆیە (زرنگ عوسمان) وتی: هۆکاری ئەم گرانییە دەگەڕێتەوە بۆ خەمساردیی و بی دەربەستی حکومەت لەبارەی بازاڕەکانەوە، هەرکەسەو بەناوی بازاڕی ئازادەوە هەڵدەستی بەقۆڵ بڕین و ئیستغلال کردنی خەڵکی ئاسایی، ئەوەشی هۆکاری ئەو گرانییە بخاتە پاڵ دەوڵەتێکی دراوسی ئەوا سیاسەتی پارتیو یەکێتی پینە دەکات.

هەرچۆنێك بێت و هۆکارەکانی دیاردەی گرانی لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەرچییەك بێت، ئەم دیاردەیە بۆتە جێگەی ناڕەزایی و گلەییو گازندەی خەڵك و هاوکات بۆتە هۆی دروست بوونی فشارێکی ماددی و ئابوریی زۆر لەسەر داهات و دەخلیان کەوا دەکات نەتوانن هیچ سودێك لەو بوژانەوە ئابوورییە وەربگرن کە ڕوویکردۆتە کوردستان.

هاوڵاتیان دەخوازن لایەنی پەیوەندیدارەکان بەتایبەتیش ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕێو شوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ کۆتایی هێنان بە پرۆسەی گرانی بەجۆرێك کە بازاڕی ئازاد نەکرێتە بازاڕی فشار بۆ زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتیانی کوردستان.

Shamzini79@hotmail. com